# ژیان لەسکۆتلەند

ئاپریلی 2011

Life in Scotland - Kurdish

داهاتنی ئێوەلەگەڵ ژیانێکی نوێ لەسکۆتلەند پێویستی بەتێپەڕینی کات هەیە. ئەم بڵاڤۆکەبەمەبەستی یارمەتیدانی ئێوەلەبۆ ناسیاوی لەگەڵ ژیان لەسکۆتلەند ئامادەکراوە. ئەم بڵاڤۆکەهەندێ زانیاریی سەبارەت بەهەندێ لەنەریتەکان، ئاکارەکان، یاساکان و ئەو ڕێسایانەی کەرەنگەلەگەڵ وڵاتی خۆتان جیاواز بن، پێشکەش دەکات.

HAPPY TO TRANSLATE

### سنووردارییەکانی تەمەنی یاسایی

تاکەکان پاش گەیشتن بەتەمەنی 18 ساڵانی وەکو گەورەساڵ یان خاوەن تەمەنی یاسایی لەقەڵەم دەدرێن. بەوشەوە، ڕەنگەهەروەها کەلە خوارەوەئاماژەدەکرێت، تەمەنی یاسایی لەپێوەندی لەگەڵ هەندێ چالاکی تایبەتدا جیاواز بێت:

- خواردنەوەی مەشروباتی ئەلکولی – تاک دەبێت **18 ساڵە** یان گەورەتر بێت
- بەکارهێنانی دووکەڵاویەکان - تاک دەبێت **18 ساڵە** یان گەورەتر بێت
- وەرگرتنی بڕوانامەی لێخوڕین - تاک دەبێت **17 ساڵە** یان گەورەتر بێت
- بەجێهێشتنی خوێندن - تاک دەبێت **16 ساڵە** یان گەورەتر بێت
- ڕێکەوتن لەگەڵ پێوەندی سێکسی – بۆ دامەزراندنی پێوەندی سێکسی، تاک دەبێت **16 ساڵە** یان گەورەتر بێت

### منداڵان

- دایکوباوک بەرپرسایەتی منداڵانی خۆیان تا گەیشتن بەتەمەنی 18 ساڵان بەئەستۆیە
- منداڵانی وردەساڵ نابێت بێ چاودێریی لەشوێنەگشتییەکان یان لەماڵدا بەرەڵا بکرێن.
- لێدان یان چەک و زیلەدان لەمنداڵ قەدەغەنە

### دووکەڵاویەکان

- بەکارهێنانی دووکەڵاویەکان لەو شوێنانەیدا کەئەم هێمایەهەبێت، قەدەغەنە
- بەکارهێنانی دووکەڵاویەکان لەو شوێنانەیدا کەسەرمیچیان هەیەیان شوێنەگشتییەسەرداپۆشراوەکان بریتی لەنووسینگەکان، ڕێستوورانەکان، بارەکان و سینەماکان قەدەغەنە
- بەکارهێنانی دووکەڵاویەکان لەشوێنێکی ڕێگەپێنەدراودا دەتوانێت بۆ کەسی سەرپێچیکەر تاوانی بەدواوەبێت
- بەکارهێنانی دووکەڵاویەکان لەدەرەتانەسەرئاوەڵاکان، لەماڵی ئێوەیان لەئامێری هاتوچۆی ئێوەدا ڕێگەپێدراوەمەگەر ئەوەی کەخاوەنماڵ لەگەڵتان بڕیارێکی تری دابێت یان لەئامێری هاتوچۆی خۆتان بۆ دەستەبەرکردنی داهات کەڵک وەردەگرن

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639

**ئەلکول**

- خواردنەوەی مەشڕوباتی ئەلکولی لەشوێنەگشتییەکاندا لەوانەشەقامەکان و پارکەکان ڕێگەپێدراو نییە. بەپێچەوانەی ئەوەرەنگەسزا بدرێن.

**چەقۆکان**

- هەڵگرتن و لەگەڵ خۆ هەبوونی چەقۆ لەسکۆتلەند نایاساییە. ئەگەر لەلایەن پۆلیسەوەراگیردرێن و پۆلیس بزانێ کەچەقۆتان هەیە، رەنگەبکەونەگرتنگە.
- هەڵگرتنی چەقۆ لەخوێندنگەکاندا قەدەغەنە

**هاوێشتنی زبڵ**

- هاوێشتنی زبڵ یان پیسی یان بابەتەناخۆشەکان لەسەر شەقام رەنگەتاوانی 50 پاوندی لەگەڵ بێت.

**جیاوازیدانان (هەڵاواردن)**

- کەوتنەبەر ئاکاری جیاواز یان هەلسوکەوتی جیاواز لەگەڵ کەسانی تر یان جیاوازیدانان بۆ ئەوان بەهۆی تەمەن، کەمئەندامی، رواڵەتی جینسی، هاوسەرێتی و بەشداریکردنی مەدەنی، دووگیانی و دایک بوون، رەگەز، ئایین و باوەڕەئاییینیەکان، پێوەندیەسێکسییەکان یان حەزی سێکسی ئەوان نایاساییە.
- ئازار و زەجردان نایاساییەو دەتوانێت ببێتەهۆی بەدواداچوونی یاسایی.
- ئەگەر هەست دەکەن کەوتوونەتەبەر ئازار و زەجر چ بەزمان و چ جەستەیی، دەتوانن پەیوەندی بکەن بەپۆلیسەوە. بۆ وەرگرتنی یارمەتی لەم پێوەندیەدا، دەتوانن لەگەڵ کارگێرانی ئەنجومەنی پەنابەری سکۆتلەند قسەبکەن یان لەرێگای ژمارەتەلەفۆنی خوارەوەپەیوەندی بکەن بەکارگروپی ئاکاری دژەکۆمەڵایەتییەوە (Anti-Social Behaviour Task Force) 0800 027 3901

**توندوتیژی لەدژی ژنان**

- توندوتیژی لەدژی ژنان دەتوانێت بریتی بێت لەو بابەتانەی خوارەوە: کەڵکی نالەباروەرگرتن لەماڵدا، دەستدرێژی جینسی، فەحشا، کەڵک لێوەرگرتن و قاچاخی جینسی، کەڵکی نالەبار وەرگرتن لەمنداڵان، خەتەنەو برینی ئامێری زاوزێی ژنان (FGM)، بەزۆر بەشوودان و بەزۆر قبووڵ کردنی تاوان و جینایەت
- هەموو ژنان و کچان لەسکۆتلەند ئەو مافەیاساییەیان هەیەکەنەکەونەبەر هیچکام لەبابەتەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان
- کەڵکی نالەبار وەرگرتن لەماڵدا دەتوانێت بریتی بێت لەکەڵکی نالەباری جەستەیی، سێکسی، دەروونی و دارایی.
- یارمەتی و پشتگیریی نهێنی پێشکەشی هەموو ئەو ژنانەی دەکرێت کەدەکەونەبەر هەرکام لەشێوازەکانی توندوتیژی یان کەڵکی نالەبار وەرگرتنی ناوماڵ

**یارمەتی و پشتگیریی لەلایەن هەندێ رێکخراوەوەکو ئەوانەی خوارەوەپێشکەش دەکرێت:**

- تەلەفۆنی داواکردنی یارمەتی لەپێوەندی لەگەڵ کەڵکی نالەباری ناوماڵ لەژنانی سکۆتلەند (Scottish Women's Aid Domestic Abuse Helpline): 0800 027 1234 (24 کاتژمێرە)
- تەلەفۆنی نیشتمانی داواکردنی یارمەتی لەپێوەندی لەگەڵ دەستدرێژی سێکسی و توندوتیژی سێکسی (National Rape and Sexual Assault Helpline): 08088 01 03 02
- Archway Glasgow:0141 211 8175

**جیاوازی لەنەریت و ئاکارێ کەقبووڵ دەکرێت**

وێرای ئەوەی هەندی کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کەیاسا وەها بابەتگەلێک لەبەر ناگرێت، ڕەنگەنەریتەکان و چاوەڕوانیەکان لەسکۆتلەند لە گەڵ وڵاتی سەرەکی ئێوە جیاواز بێت. لەمانەدەکرێت بەو بابەتانەی خوارەوەئاماژەبکرێت:

- چاوەڕوانیەکان لەپێوەندی لەگەڵ هەرێمی تاکەکەسی تایبەتی و پێوەندی جەستەیی ڕەنگەلەوڵاتێکەوەبۆ وڵاتێکی تر جیاواز بێت. لەنێو سنووری پاشایەتی یەکگرتوودا، خەڵک بەشێوەی ئاسایی چاوەڕوانیان هەیەکەهەرێمی تایبەتی تاک و مەودا لەگەڵیان لەشوێنەگشتییە کاندا لەبەرچاو بگیردرێت بەجۆرێ کەهەست بەرەحەتی بکەن
- کۆبوونەوەلەناو گرووپی گەورەدا، بەتایبەت لاوان، دەتوانێت هۆکارێک بۆ ترس و نارەحەتی خەڵک بێت
- شێوازی باو بۆ لەرەوشی یەک پرسینی ژن و پیاو لەناو سنووری پاشایەتی یەکگرتوودا "سڵاو کردن" و/یان دەسومشتاق کردنە(دەست لەگەڵ‌یەک دان)

**لێخوڕین لەنێو سنووری پاشایەتی یەکگرتوودا**

ئەگەر داوای پەنابەریەتیان لەپاشایەتی یەکگرتوو (بەریتانیا) کردووەبەڵام هێشتا مۆڵەتی نیشتەجێ بوونتان وەرنەگرتووە، لەی مارسی 2010 وەئیتر ناتوانن داوای بڕوانامەی لێخوڕین لەنێو سنووری پاشایەتی یەکگرتوودا بکەن.

ئەگەر بەشێوەی بڕوادار ئامێرێکی هاتوچۆتان بەدەستەوەیە، ئێوەدەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوەتان هەبێت:

- بڕوانامەی لێخوڕینی نوێ/بڕوادار
- ئینشورانسی ئامێری هاتوچۆ
- بەڵگەکانی MOT بڕوادار/نوێ بۆ پەسەندی ئەوەی کەئامێرەکەی ئێوەدڵنیایە
- پەڕاوەی باجی نێو جادە(road tax disc) بڕوادار/نوێ

- ئەگەر بڕوانامەیەکی لێخوڕینی بەتەواوەتی بڕوادار لەیەکێ لەوڵاتانی دەرەوەی سنووری پاشایەتی یەکگرتووتان هەیەو بەڵگەکانی پشتڕاستکەری ئەوەتان لەگەڵدایە، دەتوانن لەرێگای بڕوانامەی نێونەتەوەیی خۆتانەوەتا ئاستی 12 مانگ لەبەرواری هاتنەناو سنووری پاشایەتی یەکگرتوو ئوتومبیل لێخوڕن.
- ئەگەر لەرەوشی ژێر کاریگەری دووکەڵاویەکان یان مەشروباتی ئەلکولی ئوتومبیل لێخوڕن، دەکەونەبەر بەدواداچوونی یاسایی.

**مۆڵەتی تەلەفیزیۆن**

- ئەگەر تەلەڤیزیۆنتان هەیەدەبێت مۆڵەتێکی تەلەڤیزیۆن بکڕن.
- دەتوانن مۆڵەتی تەلەڤیزیۆن لەرێگای پەیوەندی کردن بەژمارەی **0300 790 6131**، بەشێوەی ئانلاین (سەرهێڵ) لەرێگای ماڵپەڕی www.tvlicensing.co.uk یان بەسەردانی هەر فرۆشگەیەک کەئەو هێمایەی خوارەوەی لێدابێت، بکڕن:

PayPoint